عراقچی: ئەم گفتوگۆی دانوستان لەگەڵ ئەمریکا دەستپێکێکی باش بوو



وەزیری دەرەوەی ئێران دووپاتی کردەوە، ئەم گفتوگۆی دانوستان لەگەڵ ئەمریکا دەستپێکێکی باش بوو. جەختی لەوە کردەوە، گفتوگۆکانیان لەگەڵ ئەمریکا ئاڕاستەیی بوون.

هەینی، 6ـی شوباتی 2026، عەباس عراقچی، وەزیری دەرەوەی ئێران، لە دوای تەواوبوونی گفتوگۆی دووەمی دانوستان لەگەڵ ئەمریکا بە ڕۆژنامەنووسانی گوت: ئەمڕۆ چەند گفتوگۆکی دانوستانی ناڕاستەوخۆ بەڕێوەچوو، لە گەیاندنی پەیامەکاندا چەند خاڵێکی نیگەرانیی ئەمە لە دوای ئەو هەموو ماوەیە گەیەندران.

باسی لەوە کرد، لە کۆشکی زێر باشدا باس لە ماف و بەرژەوەندییەکانی ئەمە کرا، هەروەها گفتوگۆکانیان لەگەڵ ئەمریکا ئاڕاستەیی بوون.

هاوکات جەختی لەوە کردەوە، بە شێوەیکی گشتی ئەم گفتوگۆی دانوستان دەستپێکێکی باش بوو، بەڵام پێویستە بگەنەوە تاران بۆ ئەوەی قسە بکەین لەسەر چۆنییەتی بەردەوام بوون لە دانوستانەکان.

عراقچی، لە درێژی قسەکانیدا ئاماژەی خستە روو، هەموو نیگەرانییەکان و بەرژەوەندیدەکانی گەلی ئێرانمان ئاراستەی لایەنی بەرانبەر کردووە، هەروەها هەموو دید و بۆچوونەکانی لایەنی بەرانبەر (ئەمریکا)ــمان وەرگرتووە.

گوتیشی: بە درێژدان بە دانوستەکانی ئێران و واشنتن، لەکتەگەیشتن لە نێوان هەردوو لادا هەیە، بەڵام دەبێت ڕاوێژ لەگەڵ وڵاتەکانی خەمان بکەین.